نرخی نەوت بەرزبوویەوە

نرخی نەوت ئەمڕۆ سەشەممەی جارێکی دیکە لەبازاڕەکانی جیهان بەرزبونەوەی بەخێیەوە بینی، ئەمەش قەرەبوی بەشێك لە زیانەکانی ڕۆژی پێشوی کردەوە، وەبەرهێنەران هێشتا نیگەرانن لە شەڕی بەردەوامی غەززە لە نێوان ئیسرائیل و حەماس کە لەنگە بەرەو ململانێیەکی بەرفراوانتر لە ناوچەی هەناردەکاری نەوت هەنگاو بنێت، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی پچڕانی ئەگەری دابینکردن. بەگوێرەی بڕسەی جیهانی وزە، نرخی بەرمیلێك نەوتی خاوی برێنت 70 سەنت بەرزبوەوە کە دەکاتە 0.8%ی نرخەکەی و گەیشتوەتە 90.53 دۆلار، هاوکات نرخی نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسی ئەمریکیش 71 سەنت بەرزبوەتەوە کە دەکاتە 8%.0ی نرخەکەی و گەیشتوەتە 86.20 دۆلار بە هەر بەرمیلێك. دوێنێ دوشەممە نرخی هەردو جۆرەکەی نەوت زیاتر لە 2% دابەزی